# عەلیاوە لە نەهامەتییەکەی ساڵی (١٩٦٣)دا



د.سەردار ئەحمەد گەردی

عەلیاوە هەر لەناوەکەیەوە دیارە گوندێکی کوردانە،و مافی عارەبانی پێوە نییە، چونکە ناوی لەم جۆرە بەهیچ شێوەیەك لەناو زمانی عارەبیدا نییە. ناوەکە لەدووبەش پێکهاتووە (عەلی + ئاوا)، (عەلی) ناوی کەسە (ئاوا) واتە ئاوایی، ئاوەدانی، گەڕەك، ئەم دووبەشە لێکدراوەو کورتکراوەتەوە پیتی کۆتایی لە (ا) گۆڕاوە بۆ (ە) بۆئاسانی دەربڕین. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم دێیە. لەسەرەتادا گوندی شێخی چۆلی بووە کە ئێستا مەزارەکەی لەهەولێرەو شوێنەواری ماڵی (شێخی چۆلی) هەتا سەرەتای شەستەکانیش مابوو، لەلای خەڵکی ئەو گوندە پیرۆز بوو و زۆر جار کەمنداڵیان نەخۆش دەکەوت، دەیانبردە سەر ئەو شوێنەوارەو ماوەیەك لەپەنا دیوارە ڕوخاوەکەیان درێژ دەکرد، لەدوای خۆشیان نووردیە نانێکیان جێدەهێشت. ئەو شوێنەوارە دەکەوێتە باکوری خۆرهەلاتی (عەلیاوەی کۆن) لەکەندی سەرووی گوندی دەپەڕیتەوە لەنێوان ڕێگەی (گەڕەسۆر)و (پیرداودوسوان). ئەو گوندە تائێستا سێجار ئاوەدان کراوەتەوە، یەکەمجار لەلایەن (شێخی چۆلی)یەوە، دووەمجار لەلایەن (عەلی ئاغاوە) هەر بەناوی ئەویشەوە ناونراوە. کوردەکان ئاوەدانیان کردۆتەوە، بەمجۆرە تەنیا کوردی لێ نیشتەجێ بووەو هیچ عارەبی تیا نەبووە. چونکە لەوسەردەمەی کە (برایم ئاغا) دەسەلاتی لەمەخموورو قەراج هەبووە، ئەم بەرەی زێ هیچ عارەبی لێ نیشتە جێ نەبووە. عەلیاوەش یەکێ بووە لەو گوندانە کەعارەبی بەخۆیەوە نەبینیووە. وەك ئاماژەمان پێکرد لەدوای شێخی چۆلی (عەلی ئاغا )ئاوەدانی کردۆتەوەو سەرپەرشتی کردووەو بەناوی خۆی ناوناوە. هەتاکو ئەو کاتەی کە (برایم ئاغا) (سەکتەخان)ی خوشکی (شێخ جەلعاو ) دەخوازێت کەشێخی هۆزی (طی) بووە. ئەوسا گوندی (عەلیاوە) دەداتە (شێخ جەلعاو )ئەوکاتە یەك دوومالّی عارەبی دێتیّ و ئەو شێخەش لەوێ نیشتەجێ دەبێت. هەتا دەرکردنی کوردەکان لەکۆتایی سالأنی شەست هەر ژمارەی کوردەکان زیاتر بووە. لەساڵی (١٩٦٣)دا ماڵی کوردەکان بریتی بوون لە:

هۆزی گەردی: (حاجی حەسەن عەولا حەسەن، عەولا حاجی حەسەن، حاجی خدر حەسەن، ئەحمەد حەسەن عەولا، محەمەد حەسەن عەولا، رەحمان حەسەن عەولا)،و هۆزی ڕۆژبیانی: (ئەمین حەمەد شافعی، نوری حەمەد شافعی، صابر حەمەد شافعی، شاکر سلێمان حەمە، سلێمان حەمە، ئەحمەد عوسمان حەسەن داود (سوسن)، حەمەدەمین عوسمان، حاجی سەلیم حەمەد فەتاح، عەزیز حاج سەلیم، سۆفی سەلیم مام وسو دیبەگەیی، حەمەد عەلی کانەبی، محەمەد کانەبی، عوسمان حامد، حەمەدەمین عوسمان،حاجی سەلیم حەمەد فەتاح، عەزیز حاج سەلیم، ١٧- سۆفی سەلیم مام وسو دیبەگەیی، حەمەد عەلی کانەبی، محەمەد کانەبی)،و هۆزی ئۆمەربل: (حەسەن سمایل بەگیسی، عوسمان سمایل بەگیسی)،و هۆزی کۆلە: (عوسمان علێوان، رەمەزان علێوان، باوە خالند) و هۆزی خەیلانی: (رسول حەمەدە سۆر، مەولود حەمەدەسۆر).

ماڵە عارەبەکان جگە لە ماڵی (شیخ عجیل جلعو ) کە دووبرای هەبوو (زیدان، غازی ) کە لە (عشیرة الطی) بوون، ماڵە عەرەبەکان بریتی بوون لە:-

عشیرەاللهیب: (عبد صالح، حاج عبدالله صالح، صالح مردود، احمد خلف مردود، محمد صالح مردود، احمد صالح مردود، درویش دکان صالح)،و عشیرە الراشد: (حمادی حسن، عبدالله)،و عشیرە الجبور: (حسین خلف)،و عشیرەالنجاجبل: (علی عرب).

ئەم کوردستانە ڕۆژی ئارامی کەم بەخۆیەوە دیووە، دەسەلاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق یەك لەیەك خراپ تربوون بوون، بۆیە کۆچی کوردان هەر بەرێوەبووەو هەرێیان کراوە هەوارەکەیان ئاوەدان بکەنەوەو پاش ماوەیەك کۆچ و کۆچباریان تێکبنێن و بەرەو شاخەکان بکەونە ڕێ چونکە شاخەکان تاکە داڵدەی ئەوان بووە. لەهەموو نەهامەتییەکان گەورەتر تاکو ئەوسا نەهامەتیەکەی ساڵی ١٩٦٣ بوو کاتێ کە بە کودەتایەکی شووم حزبی بەعس هاتە سەر حوکم و لەهەموولایەك کوشتن و برینی دەست پێکرد. بۆپاراستنی خۆی (حرس قومی) نەگریسی دروستکرد، کەوتنە کوشتنی خەڵك بەناوی پاراستنی (القومیە العربیە). خوێن و ماڵی کورد حەلاڵ کرا. هەر عارەب بوو چەکدار دەکرا بۆ کۆشتن و تالانکردنی کورد. جارێکی تر کورد ڕێگای کۆچی گرتەوە بەر بەرەو شارەکان یان بەرەو شاخەکان. خەڵك بەکۆمەڵ دەگیران و گوللە باران دەکران، ماڵەکانیان دەبەخشرایەوە بەسەر تالأنکەرەکانداو گوندەکان ئاگریان تێبەردەدرا. عارەبەکانی عەلیاوەش چاویان بڕیبووە ماڵە کوردەکان. لەنێوان خۆیان هەر مقۆ مقۆیان بوو، بەلأم نەدەوێران ئاشکرای بکەن چاوەڕوانی هەلێکیان دەکرد. تاکو ڕۆژێکیان لەوکاتەی کەخەڵکەکە هەموو لەسەر سەکۆی دیوەخان لەلای (شێخ عەجیل) دانیشت بوون (صالح المردود) کەپیاوێکی بەتەمەن بوو قورمەیەکی بەشانە وەبوو لەدوور وەستاو سەلامی کرد. شێخ فەرمووی لێکرد دابنیشێ، ووتی دانانیشم شتێك هەیە من پێی ڕازی نیم، شێخ ووتی چییە؟ ووتی ئەمشەو عارەبەکان لەماڵی ئێمە کۆببوونەوەو ماڵی کوردەکانیان لەنێوان خۆیان دابەشکردووە کوڕەکانی منیش تێدا بەشدار بوون. ئەوکوردانە وەکو برای ئێمە بوون لەخۆشی و ناخۆشیدا، بۆیە ئەگەر تۆش قەبووڵ بکەی من قەبووڵی ناکەم. شێخ گووتی من شتی واچۆن قەبووڵ دەکەم. ئەو عارەبانەی کە لەوێ دانیشت بوون ووتیان بەلأم ئەگەر عارەبی گوندەکانی تر هێرشیان هێنا ئێمە ناتوانین پارێزگاری کوردەکان بکەین. کوردەکان ووتیان پێویستمان بەپارێزگاری ئێوە نییە. حکومەت چەکی دابەش کردبووە سەر سەرۆك هۆزە عارەبەکان بەناوی بەرگریکردن و پاراستنی خۆیان، بەلأم لەڕاستیدا بۆ قڕکردنی کورد بوو. بەواقیعیش زۆری بۆ ئەو مەبەستە بەکار هات. (شێخ عەجیل) کەشێخی عەلیاوەبوو ئەویش ژمارەیەك تفەنگی ئینگلیزی وەرگرت. لەپێشا داوای لەعارەبەکانی گوندی کردبوو کە چەك هەڵگرن و پارێزگاری لە گوندەکە بکەن. هەندێ لەعارەبەکان لەوانە (علی عرب، احمدالمردود،.....) گووتبوویان ئێمە بەمەرج چەك هەڵدەگرین ئەویش ئەوەیە سێ ماڵی دەوڵەمەند هەیە ئەوانیش ماڵی (حاجی سەلیم حمد فەتاح، حاجی خدرحەسەن، ئەحمەد حەسەن) ئەم ماڵأنەمان بدەیێ دابەشیدەکەین ئەوسا چەك هەڵدەگرین، بەلأم شێخ عەجیل پیاوێکی بەهەڵوێست بوو، گووتبووی ئێمە چەندساڵە وەك برا بەیەکەوە دەژین بەچ غیرەتێك من ماڵی ئەوانە بدەمەئێوە، بڕۆن پێویستم بەئێوە نییە. ئەوسا ناردیە شوێن کوردەکان و پێی ووتن ئەمە چەك پاریزگاری لەخۆتان و لەگوندەکە بکەن. دیارە ئەوانیش لەخوایان دەویست یەکێ پشتگیریان بکات، لەوەش باشتر ڕێناکەوێت. کورد دەستی بگاتە چەك چارەی سەری خۆی دەکات. تفەنگەکان درایە ئەوانەی کەچەکیان نەبوو، ئەوانی تریش چەکی خۆیان دەرهێنا.لەسەر هەموورێگاکان سپێریان لێدا، خەڵکەکە دابەش بوون بۆ چەند دەستەیەك، هەردەستەو پاسەوانی ڕێگایەکی پێسپێردرا. هەرکە ڕۆژئاوادەبوو هەردەستەو دەچووە شوێنی دیاریکراوی خۆی و لەوێ بەنۆبەت هەتا ڕۆژهەڵدەهات ئێشکیان دەگرت، ئنجا دەگەڕانەوە ماڵەوە. هەرچی کەلوپەلی ماڵەکانیش بوو شێخ ووتی بیهێنن لەحەساری دابنێن هەتاکو بارودۆخەکە ئارام دەبێتەوە ئنجا بیبەنەوە. بەم جۆرە کوردی ئەم گوندە هەردەم ئامادەبوون. دیارە عارەبەکانیش کە لەو پارووە چەورە بێهیوا بوون هەندێکیان بۆتالأن کردن پەنایان بردە بەر عارەبی گوندەکانی تر. هەواڵی ئامادەیی کوردی عەلیاوەشیان بۆ بردبوون کە سوێندیان خواردووە تەنیا ئەگەر بەسەر تەرمیاندا بڕۆن ئەگەر ناهیچ ڕێگەیەکی تر نییە بۆچوونە ناوعەلیاوە، بۆیە ئەو تالأنکەرانە نەوێران نزیکی سنووری ئەو گوندەش بکەون. ئەوخەڵکە توانیان ئەو نەبەردییە بنوێنن و سەرو ماڵیان بپارێزن. نەك تەنیا ماڵی خۆیان بەڵکو هەڵپەیان کردو چوون ماڵ و منداڵی گوندی (گرۆون)یان هێنا بۆ عەلیاوەو لەماڵەکانی خۆیان جێگەیان کردنەوەو پارێزگارییان لێکردن. هەتا بارودۆخەکە ئارام بووەوە هەر لەعەلیاوە مابوونەوە. ئەمەبوو نەبەردی و ئازایەتی کوردانی عەلیاوە. کەوەك پڵنگ ڕووبەڕووی دوژمن وەستان و لاپەڕەیەکی مێژووی خەباتی ئەم میللەتەیان نەخشاند.

نابێ هەڵوێستی جوامێرانەی ( شێخ عەجیل)یش لەبیر بکرێت، کەدۆخەکە ئارام بووەوەخەڵکەکە وەکو جاران لەژیان بەردەوام بوونەوە هەتاکو ساڵی١٩٦٨ کەجارێکی تر حزبی بەعس هاتەوە سەر حوکم شێخیش بەخۆی ماڵی چووبووە موصل برا بچووکەکەی سەرپەرشتی گوندەکەی دەکرد، زەویەکانی لە کوردەکان سەندەوەو ناچاریکردن گوندەکە جێبهێلن و ئاوارەی شارەکان ببن، دوای ئەوان گوندەکەیان گواستەوەو لەسنووری عارەبەکانیان نزیك خستەوە. ئێستا یەك ماڵە کوردی لێیە ئەویش هەرلەمنداڵییەوە ڕەنجبەری ماڵی شێخ بووە. دیارە گواستنەوەی گوندەکە دووهۆکاری لەپشتەوەبووە:

١- سڕینەوەی مۆرکی کوردایەتی لەو گوندە، چونکە شوێنەواری ماڵە کوردێکی لێنییە.

٢- خۆنزیك خستنەوە لەوگوندانەی کە عارەبیان تیانیشتەجێ بووە نەوەك ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە.

سەرەڕای هەمووئەمانە عەلیاوە تەنیا ناوەکەی بمێنێ بەسە بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە گوندی کوردانە، چونکە هەموو عارەبەکانی ئەم گوندە نەدەزانن مانای چییە؟و نەلەچییەوە هاتووە؟!.

# کورد پەیمانی تازەی



مەلا رەسول بندیان

وانەزانی من خەوتوومە
لەناو گۆڕەپانی جەنگدام
گۆڕێ بۆتۆ هەڵدەکەنم
گۆڕی بۆکۆیلەی ئەوسام
ئەو جەنگەیان گەلێ جیایە
شەڕی ەرچی ناوی کوردە
شەڕی بست بەبستی خاکە
شەڕی چیایە
شەڕی ناوپەرلەمان و شەقام
ڕەتکردنەوەی بودجەی تیایە
سەنگەری من لەئامەدو
لەمێردینە
سەنگەری من لەعەسەکەو
لەعەفرینە
سەنگەری من لەسابلاغەو
لەورمێیە
لەناو چەقی مەندەلییە لەهەر
شوێنێك کەتۆی لێیە.
ئیمڕۆ تاقە سوارەی شەڕنیم
لەمەیدانێ
تەپ وتۆزم کەس نەبینیێ و
بمگلێنن لەجێی ژوانێ
من هەر تەنیا نیم لەوشەڕە
واش تێمەگەن گوێچکەکانی
جیهان وەکو جاران کەڕە
نە پێنج نە دە نەسەد هەزار
هەشتا ملیۆن سەربەژمار
کۆیلەی چەند ملیۆن بێ
سەرین

نەتورکی چیاو نەفارس و
نەپێپەتی دەربەدەرین
ئێمە کوردین کوردستانیش
ولأتمانە
فەرموون بڕۆن بۆ دەرەوە
ئەی بێگانە
نەمن کۆیلەم نە ئەو نە ئەو
نەمن خەوتووم نەکەس چاوی
دەچێتە خەو
هەموو گەل وا لەسەر پێیە
کورد پەیامی تازەی پێیە
گۆڕەپانی جەنگی ئێمە
ئەمجارەیان فراوانە
زەماوەندی ئەمجارەی کورد،
لەچوار پارچەی بێ سنووری
کوردستانە
ئەمجارەیان
شەڕی نەمانە
مانی من و نەمانی تۆ
ڕاپەڕینی هەر چوار پارچەی
جەستەی من و
دەرکردن و قڕکردن و ڕاونانی
تۆ
هەموو کورد وا لەسەر پێیە
کورد پەیمانی تازەی پێیە
بێ دەنگ برۆ بێ ئاشوب و بێ
جەنگ برۆ
نەفرەت لەشەڕ
نەفرەت لەشەڕ

# مام تۆفیق: بەداخەوە ڕێز لە هونەرمەندانی مەخموور ناگیرێت



١٢ ساڵ پێشمەرگەی ئەیلول بوویمەو
١٧ ساڵە لەشارەوانی بەشێوەی کاتی شوفێرم

**تۆفیق سەلیم لەساڵی ١٩٥٥ لەگوندی گردەشینەی سەر بەقەزای مەخموور لەدایکبووەو بە (مام تۆفیق) ناسراوە، لەساڵی ١٩٧٦ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندووەو لەشارەوانی مەخموور بەشێوەی کاتی شوفێرەو تائێستاش لەسەندیکای هونەرمەندان ئەندام نیەو خۆیشی بەمەغدوور دەزانێت.**

دیمانە : جەلال خەیلانی.

*** سەرەتای کاری هونەریت چۆن بوو؟**

- هەر لەمنداڵییەوە حەزی شانۆو فیلمم هەبووە، بەلأم نەمتوانیوە زوو بچمە نێو ئەو بوارە لەبەر داب و نەریتی کۆمەڵگا لەوکاتدا، لەساڵانی هەشتاکان کاتێ خەریکی وێنەگرتنی درامای ژاڵە بوون داوام لێکرا لەو درامایە ڕۆڵ ببینم، بەلأم بەداخەوە ئامۆزایەکم کە لەئێمە گەورەتر بوو وتی نابێت بەشداری بکەیت لەبەر داب ونەریت و عەیبە چۆن دەبێت، بۆیە ڕێگری لێکردم، چونکە ئەوکاتە بەهونەرمەند دەوترا چاوەش،بەلأم دواتر دەستم بەکاری هونەری کردو تائێستاکە بەردەوامم.

*** لەچەند شانۆو فیلم و کورتە تەمسیلی رادیۆیی بەشداریت کردووە؟**

- ئەو شانۆگەرییانەی بەشداریم کردووە: کراسی پیاوێکی بەختەوەر، رەبەنەکان، تاوان، کێ ڕەوای هەقە، نەورۆز، هەڵەبجە، تەمەڵەکان، دکتۆری نەشارەزا، هەڵەی دکتۆرو چەندان شانۆی دیکە، هەروەها لەفیلمی پیری چاوچنۆك، گەنج و سەردەم، بەرەو ئاسۆ، هەروەها لەخەرمانی نیگاو مێوخۆش و هەگبەی کوردەواری و چەند کورتە تەمسیلییەکی رادیۆیی بەشداریم کردووە لەرادیۆی لاوان و رادیۆی دەنگی مەخموور، بەلأم ئێستا لەگەڵ گروپی خەندەی مەخموور بۆشانۆو فیلم بەنیازین چەند کورتە تەمسیلییەك بۆ تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان ئامادە بکەین ئەگەر هاوکارمان بن ئێمە ئامادەین، ئێمەی هونەرمەندانی مەخموور کەسانی زۆر بەتواناما‌ن هەیەو کەس هاوکاریمان ناکات، هەست دەکەم لەمەخموور هونەرمەند هیچ ڕێزێکی نیەو فەرامۆشکراوین، ئێمەش هیچمان لەهونەرمەندانی تر کەمتر نیە، کە لەزۆرێك لەدەرچووە ئەکادیمیەکان باشترین، عەدنان عوسمان کەدەرهێنەرێکی سینەماییەو خەڵکی مەخموورە نەمبینیوە هەوڵ بدات بۆ ئەو دەڤەرە، زیاتر کارەکانی بۆ هەولێرە، پێویستە دەرهێنەران سوود لەتوانای ئەکتەرانی مەخموور ببینن.

*** ئایا مام تۆفیق دڵداری کردووە؟ چەند کچی خۆشویستووە؟**

- بەڵێ دڵداریم کردووەو ماوەی پێنج ساڵ کچێکم خۆشدەویست و منیشی خۆشدەویست، بەلأم وابزانم باوکی هەستی بەمە کردبوو بۆیە کاتێك چوومە داوای پێیان نەدام.

*** بیستوومە لەگەڵ جەلال پەرێشان هاورێ بوویت ئەگەر باسی بکەیت؟**

- لەپێش ڕاپەڕین من لەهێڵی مەنتکاوەی شاری هەولێر شوفێری ریم بووم لەگەڵ جەلال پەرێشان، بەیانیان پێکەوە دەچووینە چێشتخانەو نیسکمان دەخوارد، هەروەها وردە تەمسیلیمان دەکرد، شوفێرەکانی تر سەیریان دەکردین، بەلأم زەمانە لێکی دوور خستینەوەو دەمێکە نەمبینیوەو زۆر غەریبی دەکەم و حەزدەکەم ڕۆژێك لەڕۆژان بیبینمەوە، ئەوکات کاك جەلال هەولی گۆرانی دەدا، بەلأم برایەکی بەناوی کانەبی نەیدەهێشت گۆرانی بلێت دەیگوت عەیبە، بۆیە ڕۆژێك چەند کەسێك چووینە لای تا ڕێگای بدات گۆرانی بلێت، ئەو کاتە گۆرانیبێژ بەدەگمەن لەهەولێر هەبوو.

*** دوا قسەت؟**

- داواکارم لەحکومەتی هەرێم مووچەیەکم پێ بدات، چونکە نزیکەی ١٢ ساڵ پێشمەرگەی ئەیلول بوویمەو ١٧ ساڵە شوفێرم لەشارەوانی تائێستا بەشێوەی کاتیم بۆیە داوا دەکەم بکرێمە فەرمی.

## له‌گه‌ڵ هه‌بوونی چه‌ندین گیروگرفت و نه‌بوونی یاریگا

# یانه‌ی وه‌رزشی مه‌خموور له‌ئاماده‌باشیدایه‌ بۆ خولی پله‌ یه‌كی كوردستان

**عه‌بدولره‌حمان ئاده‌م**

دوای به‌ده‌ستهێنانی نازناوی خولی پله‌ دووی كوردستان و سه‌ركه‌وتنی بۆ ریزی یانه‌ پله‌ یه‌كه‌كانی كوردستان یانه‌ی وه‌رزشی مه‌خموور له‌تۆپی پێ ده‌ستی كردووه‌ به‌خۆئاماده‌كردن بۆ به‌شداریكردن له‌م خوله‌ كه‌ له‌سه‌ره‌تای مانگی تشرینی دووه‌م ده‌ستپێده‌كات.

له‌ سه‌ردانێكماندا بۆ یاریگای یانه‌ی مه‌خموور لێدوانی هه‌ریه‌ك له‌ سه‌رۆكی یانه‌و ڕاهێنه‌رو ئه‌ندامانی یانه‌ی مه‌خموورمان وه‌رگرت كه‌ به‌م جۆره‌ بۆمان هاتنه‌ ئاخاوتن.

سه‌ره‌تا سه‌رۆكی یانه‌ی وه‌رزشی مه‌خموور (تاریق حه‌سه‌ن) ووتی "له‌ ئێستاوه‌ كێشه‌ی سه‌ره‌كیمان یاریگایه‌ به‌هۆی نه‌شیاوی یاریگای ئێستا، بۆیه‌ ناچارین مه‌شقی ڕۆژانه‌ له‌ یاریگای بچوك ئه‌نجام بده‌ین‌و دوای چه‌ندین سه‌ردانمان بۆ لای به‌رپرسان به‌ڵێنی ئه‌وه‌یان پێداین كه‌ له‌ماوه‌یه‌كی زۆر نزیكدا یاریگامان بۆ دروست بكه‌ن، بۆیه‌ ناچارین بۆ به‌ڕێوه‌چوونی یارییه‌كان یاریگایه‌ك له‌شاری هه‌ولێر ده‌ست نیشان بكه‌ین"، گوتیشی "سه‌باره‌ت به‌هاوكاری كردنمان تاكو ئێستا هاوكارییه‌كی ئه‌وتۆ نه‌كراوین ته‌نیا به‌رێز نه‌جات عه‌لی به‌رپرسی لقی ٢٣ نه‌بێ كه‌ هاوكارییه‌كی باشی كردووین‌و به‌ڵێنیشی داوه‌ كه‌ هاوكاری زیاترمان بكات".

هه‌روه‌ها به‌ڕێز سه‌لاح ئه‌نوه‌ر ئه‌ندامی ده‌سته‌ی كارگێڕو لێپسروای دارایی یانه‌ی وه‌رزشی مه‌خموور له‌باره‌ی كێشه‌ی دارایی یانه‌كه‌یان ڕوونی كرده‌وه‌ "به‌راستی ئێستا كێشه‌ی داراییمان هه‌یه‌ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و به‌خشینه‌ی كه‌ له‌وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری‌و لاوان وه‌ری ده‌گرین كه‌ بڕه‌كه‌ی پێنج ملیۆن دیناره‌ زۆر كه‌مه‌ به‌شی خه‌رجیه‌كانمان ناكات له‌به‌رئه‌وه‌ی خولی پله‌ یه‌ك یارییه‌كانی زیاتره‌ گرێبه‌ستی ڕاهێنه‌رو چه‌ندین یاریزانمام هه‌یه‌، بۆیه‌ ئێستا (عجزی) پاره‌مان هه‌یه‌ بۆیه‌ ناچارین یارییه‌كانی تر له‌ یانه‌كه‌مان فه‌رامۆش بكه‌ین"، سه‌باره‌ت به‌ هێنانی یاریزانان گوتی "ئێستا چوار یاریزانمان له‌ هه‌ولێر هێناوه‌و دوو یاریزانیش له‌ ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم، به‌ڵام تاكۆتایی ماوه‌ی خۆ ئاماده‌كردن بڕیار له‌سه‌ر گرێبه‌سته‌كان ناده‌ین، بۆیه‌ داواكارین له‌ به‌رپرسانی ده‌ڤه‌ری مه‌خموور كه‌ هاوكارییه‌كانیان ته‌نیا مه‌عنه‌وی نه‌بێت به‌ڵكو زیاتر پشتیوانیمان بكه‌ن".

له‌لایه‌ن خۆیه‌وه‌ ڕاهێنه‌ر (عه‌بدوڵڵا ساڵح عه‌بدوڵڵا) كه‌ تازه‌ ئه‌ركی ڕاهێنه‌رایه‌تی یانه‌ی مه‌خمووری پێسپێدراوه‌، گوتی "له‌سه‌ر داواكاری ده‌سته‌ی كارگێڕی كه‌ داوایان لێكردم ئه‌ركی ڕاهێنه‌رایه‌تی وه‌ربگرم كه‌ من ڕازی بووم كه‌ گرێبه‌سته‌كه‌ی چوار ملیۆن‌و مانگانه‌ش شه‌ش سه‌د هه‌زار دیناره‌". سه‌باره‌ت به‌ خۆئاماده‌كرنی یانه‌ی مه‌خموور، عه‌بدوڵڵا گوتی "ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌كه‌ ده‌ستمان كردووه‌ به‌ مه‌شقه‌كان له‌ یاریگای بچووك به‌هۆی نه‌شیاوی یاریگا كه‌ ئێستا له‌ ماوه‌ی تاقیكرنه‌وه‌داین‌و پێویستیمان به‌یاریزانی تر هه‌یه‌ له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌مساڵ ئه‌ركی یانه‌كه‌مان قورستر ده‌بێت به‌هۆی به‌هێزی خولی پله‌ یه‌ك كه‌ یانه‌ی زۆر به‌هێزی له‌خۆ گرتووه‌ وه‌ك یانه‌ی دهۆك و سیروانی نوێ، بۆیه‌ له‌گه‌ڵ ده‌سته‌ی كارگێڕی وا ڕێكه‌وتووین كه‌بتوانین له‌ ریزی پله‌ یه‌ك بمێنینه‌وه‌ بۆ ساڵی داهاتوو".

هه‌روه‌ها سه‌رۆكی تیپی یانه‌ی مه‌خموور (هێرش مه‌جید) له‌ باره‌ی چۆنیه‌تی خۆئاماده‌كرنی یانه‌كه‌یان ووتی "له‌ ئێستاوه‌ خۆمان ئاماده‌ ده‌كه‌ین به‌شێوه‌یه‌كی باشتر له‌ساڵی پار له‌به‌ر ئه‌وه‌ی خولی پله‌ یه‌ك ئاستی به‌هێزه‌و یاریزانی به‌توانای تێدایه‌، بۆیه‌ له‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌داین كه‌ یاریزانی دیكه‌ بهێنین بۆ ریزی یانه‌كه‌مان".



"داواكارین له‌ به‌رپرسانی ده‌ڤه‌ری مه‌خموور كه‌ هاوكارییه‌كانیان ته‌نیا مه‌عنه‌وی نه‌بێت"

## له‌جامی یه‌كێتی ئاسیا

# یانه‌ی هه‌ولێر هه‌نگاوێكی گرنگی نا

یانه‌ی هه‌ولێر هه‌نگاوێكی گه‌وره‌ی به‌ره‌و قۆناغی پێش كۆتایی جامی یه‌كێتی ئاسیا بڕی، دوای ئه‌وه‌ی له‌یاریی چوونی قۆناغی هه‌شته‌می پاڵه‌وانییه‌كه‌ به‌ئه‌نجامی ٢-١ له‌ یانه‌ی پرسیپۆرا جیاپۆرای ئه‌نده‌نووسیایی برده‌وه‌.

له‌ سه‌ره‌تای یارییه‌كه‌دا تیپی خانه‌خوێ هه‌وڵی تۆماركردنی گۆڵی دا، به‌ڵام یانه‌ی هه‌ولێر كونترۆڵی یارییه‌كه‌ی گرته‌ ده‌ست، تا له‌ خوله‌كی ١٩دا توانی له‌ڕێگه‌ی نه‌بیل سه‌باحه‌وه‌ گۆڵی پێشكه‌وتن تۆمار بكا، دواتر له‌خوله‌كی ٧٠دا له‌ڕێگه‌ی یانه‌ی هه‌ولێر توانی گۆڵی دووه‌م له‌ ڕێگه‌ی موسلیم موباره‌كه‌وه‌ تۆمار بكات، دواتر له‌خوله‌كی ٨١دا تاكه‌ گۆڵی جیاپۆرا تۆماركرا، دوای ئه‌وه‌ یاریزانانی یانه‌ی هه‌ولێر هه‌وڵیاندا پارێزگاریی له‌ئه‌نجامی یارییه‌كه‌ بكه‌ن، سه‌ره‌نجام یانه‌ی هه‌ولێر برده‌وه‌یه‌كی به‌نرخی له‌ده‌ره‌وه‌ی یاریگه‌ی خۆیدا ده‌سته‌به‌ركرد. به‌م برده‌نه‌وه‌یه‌ یانه‌ی هه‌ولێر نیوه‌ی ڕێگه‌ی به‌ره‌وه‌ قۆناغی پێش كۆتایی جامی یه‌كێتی ئاسیا بڕی‌و له‌ ٢٧ی ئه‌م مانگه‌دا له‌ یاریگه‌ی فرەنسۆ هه‌ریری یاری گه‌ڕانه‌وه‌ ئه‌نجام ده‌دات.

یانه‌ی هه‌ولێر له‌ دووه‌م به‌شداریكردنی له‌یه‌كێتی یانه‌كانی ئاسیا توانیویه‌تی بگاته‌ قۆناغی هه‌شته‌م، جاری یه‌كه‌م له‌ ساڵی ٢٠٠٩دا به‌هه‌مان قۆناغ گه‌یشت، به‌ڵام له‌گه‌ڵ یانه‌ی كوێتی كوێتی دۆڕاو ماڵئاوایی له‌ پاڵه‌وانیه‌تییه‌كه‌ی كرد.



## زێدان زۆرترین جه‌ماوه‌ری هه‌یه‌

# وه‌رزش‌و گۆرانی گرنگترن له‌سیاسه‌ت



له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی چه‌ند ساڵێكه‌ پاڵه‌وانی تۆپی پێی فه‌ره‌نسی به‌ڕه‌گه‌ز جه‌زائیری (زه‌ینه‌دین زێدان) له‌یاریگه‌كان دووركه‌وتۆته‌وه‌و وازی له‌تۆپی پێ هێناوه‌، به‌ڵام هێشتا له‌لای فه‌ره‌نسییه‌كان زۆر خۆشه‌ویسته‌، چونكه‌ له‌و ڕاپرسییه‌دا كه‌ ڕۆژنامه‌ی جۆرنالا دۆ دیمانش ساڵانه‌ ده‌یكات بۆ دیاریكردنی ٥٠ كه‌سایه‌تی خاوه‌نی زۆرترین جه‌ماوه‌ر، پله‌ی دووه‌می به‌ده‌ستهێناوه‌ له‌دوای گۆرانیبێژو پاڵه‌وانی پێشووی تێنسی سه‌ر زه‌وی یانیك نوا، خانمه‌ ئه‌كته‌ری كورته‌ باڵا میمی ماتی له‌پله‌ی سێیه‌مدا هاتووه‌و توانیویه‌تی زیاتر له‌وه‌زیری پێشووی ته‌ندروستی سیمۆن فای به‌ده‌ستبهێنێت كه‌ له‌پله‌ی چواره‌مدا هاتووه‌و دڵی فه‌ره‌نسییه‌كان بۆ خۆی رابكێشێت.

تێبینی ئه‌وه‌ ده‌كرێت كه‌ سیاسه‌تمه‌داران‌و سه‌ركرده‌ سیاسییه‌كان له‌پله‌كانی دواوه‌دێن، ئه‌مه‌ش به‌وه‌ لێك ده‌درێته‌وه‌ كه‌ فه‌ره‌نسییه‌كان پێیانوایه‌ سه‌ركرده‌كانیان سه‌ركه‌وتوو نه‌بوون له‌چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی ولاته‌كه‌یان وه‌ك بێكاری‌و كێشه‌ی نیشته‌جێبوون، بۆ نموونه‌ نیكۆلا هۆلۆ كه‌سایه‌تی دیاری نێو ئه‌و حزبانه‌ی گرنگی به‌ژینگه‌ ده‌ده‌ن، له‌پله‌ی ٣٦دا هاتووه‌، سه‌رۆكی پێشووی ولات جاك شیراك پله‌ی ٣٩، سه‌رۆكی ئێستای بانكی نێوده‌وڵه‌تی كرستین لاگارد له‌پله‌ی ٤٩دا هاتوون، سه‌رۆكی ئێستای فه‌ره‌نسا نیكۆلا ساركۆزی‌و سیگۆلین ڕوایالی ركابه‌ری بۆ پۆستی سه‌رۆك له‌لیسته‌كه‌دا نین.

# ڕۆناڵدۆ گۆلكارو به‌رشه‌و گواردیۆلا باشترین ده‌بن




له‌ نوێترین ڕاپرسییه‌كانی ڕۆژنامه‌ی marcaی نزیك له‌یانه‌ی شاهانه‌وه‌ ڕۆناڵدۆ گۆڵكارو به‌رشه‌و گواردیۆلاش باشترین ده‌بن.

ڕۆژنامه‌ نزیكه‌كه‌ له‌ یانه‌ی ڕیاڵ مه‌دریدی شاهانه‌وه‌ ڕاپرسییه‌كی گه‌وره‌ی له‌ نێوان هه‌وادارانی خۆیدا ئه‌نجامدا كه‌ زیاتر له‌ ١١٠ هه‌زار كه‌س به‌شدارییان تیادا كرد. له‌ڕاپرسییه‌كه‌دا marca داوای له‌ به‌شداربووان كردبوو كه‌ باشترین یانه‌و باشترین ڕاهێنه‌رو گۆڵكاری وه‌رزی نوێی خولی لالیگا ده‌ست نیشان بكه‌ن له‌ئه‌نجامی ڕاپرسییه‌كه‌دا ئه‌وه‌ ئاشكرا بوو كه‌ كریستیانۆ ڕۆناڵدۆی یاریزانی یانه‌ی ڕیاڵ مه‌درید ده‌بێته‌وه‌ گۆڵكاری خولی لالیگاو خه‌ڵاتی پیچیچی وه‌رده‌گرێته‌وه‌ و هه‌ریه‌ك له‌ یانه‌ی به‌رشه‌لۆنه‌ی پاڵه‌وانی سێ وه‌رزی ڕابردوو ده‌بێته‌وه‌ پاڵه‌وانی خوله‌كه‌ و جۆزیپی گواردیۆلای ڕاهێنه‌ری ئه‌و یانه‌یه‌ش خه‌ڵاتی باشترین ڕاهێنه‌ری خوله‌كه‌ وه‌رده‌گرێته‌وه‌.

جێی ئاماژه‌ بۆ كردنه‌ ڕۆژنامه‌ی marcaبه‌ نزیكی یانه‌ی شاهانه‌ داده‌نرێت و زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری به‌شداربوانی ڕاپرسییه‌كه‌ش له‌ هه‌وادارانی یانه‌ی شاهانه‌ بوون.

## هه‌ڵبژارده‌ی وه‌رزشی مه‌خموور له‌ساڵانی(١٩٦٨- ١٩٦٩)دا



تیپی تۆپی پێی وه‌رزشی له‌مه‌خموور له‌ساڵانی شه‌سته‌كان ڕۆڵێكی به‌رچاویان هه‌بووه‌ له‌جوڵانه‌وه‌ی وه‌رزشی، ئه‌م وێنه‌یه‌ی ده‌یبینن یه‌كێكه‌ له‌ وێنه‌ ده‌گمه‌كانی وه‌رزشی مه‌خموور كه‌ له‌كۆتایی شه‌سته‌كان گیراوه‌، یاریزانه‌كانیش له‌چه‌په‌وه‌ بۆ ڕاست بریتین له‌:

**(شێرزاد مه‌لا خدر، فاروق سه‌ید عوسمان، عه‌بده‌لره‌حمان مه‌لا خدر، ئیبراهیم عه‌زیز جێژنی، ئه‌حمه‌د عه‌زیز شێروانی،حرچۆ مه‌حمود ئه‌حمه‌د، عه‌لی حه‌مه‌ده‌مین، جواد جه‌وهر، كه‌مال جه‌میل حه‌مه‌د عه‌لی، قاسم مه‌لا محێدین، به‌كر ئیسماعیل حه‌مه‌ له‌ك).**

# له‌ تیپێكی كالچۆ زیاتر موچه‌ی هه‌یه‌




ڕۆژنامه‌ی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی، ڕاپۆرتێكی بڵاوكردۆته‌وه‌ كه‌ جیاوازی موچه‌ی یاریزانی سویدی‌و یانه‌ی ئه‌ی سی میلانی ئیتاڵی "ئیبراهیمۆڤیچ" كردووه‌و به‌ پێی هاوكێشه‌ی ئه‌و ڕۆژنامه‌یه‌ ئیبرا موچه‌كه‌ی زیاتره‌ له‌ كۆی موچه‌ی یاریزانانی یانه‌ی نوڤارای تازه‌ سه‌ركه‌وتو بۆ كاڵچۆ. به‌پێی هه‌واڵه‌كه‌ی لاگازیتا ئیبرا (٩,٥) ملیۆن یۆرو ساڵانه‌ به‌سافی وه‌رده‌گرێت له‌كاتێكدا كۆی مووچه‌ی یاریزانانی نوڤارا ته‌نها ٩ ملیۆن یۆرۆیه‌ له‌ساڵێكدا. شایانی باسه‌ دوای ڕۆیشتنی ئیتۆی كامیرۆنی بۆ ئانجی ڕوسی له‌ ئینته‌ره‌وه‌ له‌ ئێستادا ئیبراهیمۆڤیچ زۆرترین بڕی موچه‌ له‌خولی ئیتاڵی وه‌رده‌گرێت .

**مۆبایلی سه‌رنووسه‌ر**
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣
makhmur@yahoo.com


**به‌ختیار محه‌مه‌د**
سه‌رنووسه‌ر


**عه‌بدولره‌حمان ئاده‌م**
ده‌سته‌ی نووسه‌ران


**خه‌لیل پاڵانی**
ده‌سته‌ی نووسه‌ران


**كارزان غه‌مگین**
ده‌سته‌ی نووسه‌ران


**جه‌لال خه‌یلانی**
ده‌سته‌ی نووسه‌ران

**ناونیشان**
كوردستان - هه‌ولێر
مه‌خموور